U.S. Department of State

## ئایا بەشێوەیەکی کاتی سەردانی ولایەتە یەکگرتووەکان دەکەی بۆ کار یان خوێندن؟

ئێمە دڵنیاین لەوەی کاتێکی خۆش و بەسوود بەسەر دەبەی. ئەگەر تووشی هەر کێشەیەك بوویت لە ماوەی سەردانەکەت، لە بیرت بێت مافی یاسایت هەیە و بۆت هەیە داوای یارمەتی بکەیت!

### تۆ دەبیە خاوەنی ئەم مافانەی خوارەوە:

- تۆ شایەنی مامەڵەی ڕاستگۆیانە و پاداشتی دادپەروەرانەیت بۆ کارەکەت.
- لە هیچ کارێکدا بە زۆر دەستبەسەر ناکرێت.
- مافی هێشتنەوەی پاسەپۆرت و بەڵگەنامای خۆناساندنی دیکە لەگەڵ خۆت.
- ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە خراپ هەڵسوکەوت کردن (سوکایەتی کردن) بە بێ تۆڵە سەندنەوە.
- داواکردنی هاوکاری لە سەندیکا و لێژنەکانی مافی کۆچبەران و کرێکاران و زۆرێك لە کۆمەڵەکانی دیکە.
- داواکردنی دادپەروەری لە دادگاکانی ولایەتە یەکگرتووەکان.

ئەم نامیلکەیە ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ ئەو مافانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە وزۆرێك لە مافەکانی دیکە پێشکەش دەکات.

ئەگەر ڕووبەرووی هەراسان بووی (خراپ مامەڵە کردن) یان مافەکانت پێشێلکران، تکایە پەیوەندی بەم ژمارانەی خوارەوە بکەن:
ناوەندی نیشتمان بۆ سەرچاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ
(هێلی گەرم بێ بەرامبەر، بەردەست لە تەواوی ڕۆژدا – ٧ ڕۆژ لە هەفتە)
1-888-373-788
(ڕێکخراوێکی ناحکومی)
ستافی کاری پەیوەندیدار بە بازرگانی بە مرۆڤ و سوود وەرگرتن لە کرێکاران
(هێلی تایبەت بۆ وەرگرتنەوەی سکاڵا، لە ڕۆژانی دووشەممە تاوەکو چوارشەممە بەردەستە ، لە کاژێر 9 بەیانی تاوەکو 5ی ئێوارە بە کاتی ڕۆژهەڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکان)
7581-428-88-1
(تایبەت بە وەزارەتی دادی ئەمریکا)
ئەگەر تووشی مەترسی جەستەیی بوویت، پێویستە پەیوەندی بە ژمارە 911 بکەیت.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی مافەکانی مامەڵەی دادپەروەرانە و پاداشتی دادپەروەرانە بۆ کارەکەت، تکایە سەیری لاپەڕەی 5 بکە

بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی مافەکانت کە بە زۆر لە هیچ کارێکدا دەستبەسەرنەکرێت، تکایە سەیری لاپەڕەی ٧ بکە.

ئەم نامیلکەیە لەسەر بنەمای یاسای فیدراڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یاسای گشتی 110-457 ئامادەکراوە، کەوا حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم نامیلکەیەی دەرکردووە بۆ ڕێزگرتن لە سەروەری یاسا و پاراستنی شکۆی هەموو کۆچبەرانی ئەم وڵاتە. حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندە بە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و پێشێلکاریەکانی مافی کرێکاران.

**ڕێگاکانی خۆپاراستن لەیادت نەچێت!**

- پاسپۆرتەکەت لە شوێنێکی پارێزراو هەڵبگرە کە لە هەر کاتێکدا بە ئاسانی دەستت پێی بگات.
- داوا لە خزم و هاوڕێکانت لە وڵاتی ڕەسەندا بکە وێنەیەك لە پاسەپۆرتەکەت و ڤیزاکەت و گرێبەستی کارەکەت هەڵبگرن.
- ژمارەی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەت تۆماربکە.
- ئەم نامیلکەیە لەبەردەستتدا هەڵبگرە بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستت پێ بگات دوای هاتنت بۆ ئەمریکا.
- پارێزگاری لە تۆماری هەموو ئەو کاتژمێر و ڕۆژانەی کە کار دەکەیت، هەروەها بڕ و بەرواری هەموو ئەو پارانەی کە بۆ کارەکەت وەریدەگریت.
- بۆ دەستکەوتنی یارمەتی پەیوەندی بکە بە هێڵی گەرم تایبەت بە ناوەندی نیشتمانی بۆ سەرچاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ (هێلەکە کراوەیە 24 کاژێر) – ژمارەی تەلەفۆن 7888-373-888-1 یان پەیوەندی بکە بە هێڵی سکاڵا تیابەت بە ستافی کاری پەیوەندیدار بە بازرگانی بە مرۆڤ و سوود وەرگرتن لە کرێکاران، ژمارەی تەلەفۆن: 1-888-428-7581 (کراوەیە ڕۆژانی دووشەممە تاوەکو هەینی، لە کاژێر 9 بەیانی تاوەکو 5ی ئێوارە بە کاتی ڕۆژهەڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکان).

## تێروانینێکی گشتی بۆ ڕێکارەکانی ڤیزەی ناکۆچبەری

**ڤیزەی ناکۆچبەری چییە؟**

ڤیزەی ناکۆچبەری بریتییە لە بەڵگەنامەیەک کە لەلایەن حکومەتی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاوە دەرچووە و ڕێگە بەو کەسانە دەدات گەشت بکەن بۆ ئەمریکا و داوای چوونە ناو خاکەکەی دەکەن بۆ مەبەستی تایبەت وەک کارکردن یان خوێندن.

**ڕێکارەکانی پێدانی ڤیزەی نا کۆچبەری دوو هەنگاوی گرنگ لەخۆدەگرێت.**

1. داوا کردنی ڤیزە لە باڵیۆزخانە یان کونسوڵخانەی ولایەتە یەککگرتووەکان لە دەرەوەی وڵات.
2. پێشکەشکردنی ڤیزە بۆ پشکنەری کۆچبەری لە یەکێک لە دەروازەکانی چوونە ژوورەوە بۆ ئەمریکا.

**ئامۆژگاری!**
باشتروایە پێش گەشت کردنت بۆ ولایەتە یەککگرتووەکان **دوو وێنە** لە بەڵگەنامە گرنگەکان هەڵبگریت، وبەتایبەتی پاسپۆرتەکەت (لە نێویشدا لاپەرەی ڤیزاکەت) و هەروەها لەگەڵ گرێبەستی کارەکەت و بەڵگنامە ناسنامەکانت، وە لە پاشان وێنەیەك لەم بەڵگەنامانە لە لایەی کەسێکی نزیك لە وڵاتی خۆتدا بە جێبهێڵە، وە لە کاتی گەیشتن بە ولایەتە یەککگرتووەکان کارتی "I-94" وەردەگریت، بۆیە باشتروایە وێنەیەك لەم کارتە هەڵبگرێت نەوەك کارتەکە وون بێت. پێویستە ئەم بەڵگەنامانە لە شوێنێکی پارێزراو هەڵبگریت.

**بەشە گرنگەکانی بەڵگەنامە کەسییەکانتان چین؟**

1. ڤیزە: ڤیزەی ناو پاسپۆرتەکەت وێنەی تۆ و بەرواری بەسەرچوونی ڤیزاکە لەخۆدەگرێت، لە ئەگەری بەسەرچوونی ڤیزاکە، ناتوانیت بە هەمان ڤیزا بچیتەوە ئەمریکا تا دوای نوێکردنەوەیدا.
   - ئەگەر ڤیزەی کارت هەیە، ئەم ڤیزەیە ناوی ئەو خاوەنکارە لەخۆدەگرێت کە سپۆنسەری کارەکەت دەکات لە ئەمریکا.
   - ئەو ڤیزەی کاری کاتی پێت دەدرێت بە مۆڵەت دانانرێت بۆ ئەوەی کار لەگەڵ هەر خاوەنکارێکی بە ئارەزووی خۆت بکەیت، بەڵکو ڤیزەی لەو جۆرە بە مۆڵەت دادەنرێت بۆ ئەوەی تۆ تەنها بۆ ئەو خاوەنکارە کار بکەیت کە لە داواکاری ڤیزاکەدا ئاماژەی پێکراوە، نەك بۆ بۆ کەسانی تر .لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا ڕەنگە بتوانرێت لە خاوەنکارێکەوە بگوازرێیتەوە بۆ خاوەنکارێکی تر.
   - ئەمە بەو مانایە نایەت بەردەوام بیت لەسەر کارکردن لەگەڵ خاوەنکارەت ئەگەر هاتوو هەڵبستێت بە سووکایەتی کردن و خراپ مامەڵە کردن لەگەڵت.

**ئامۆژگاری!**
لە پاش گەیشتنت بە ولایەتە یەککگرتووەکان، پاسۆرتەکەت و بەڵگەنامەکانی دیەکە لە شوێنێکی پارێزراو هەڵبگرە تاوەکو بە ئاسانی ب٣ەدەست بکەون لە کاتی پێویستیدا! وە بەهەر حاڵ، قەدەغەیە لەسەر خاوەنکارەکەت بە پێی یاسا هەڵبستێت بە لێسەندنەوەی پاسپۆرتەکەت

2. کارتی "ئای-94' (I-94): لەگەڵ چوونە ناو ئەمریکا ئەم کارتە ڕەنگ سپییەتان پێ دەدرێت. کارتی I-94 ئاماژەیە بۆ ئەو ماوەیەی کە ڕێگەت پێدراوە لە ئەمریکا نیشتەجێ بیت.
   ئەم کارتە نابێت ون بکەیت!

## مافەکانت لە شوێنی کاردا لە ولایەتە یەکگرتووەکان

**چەند جۆرێک لە پاراستن (بەرگری) لە جۆری ڤیزاکەت لەخۆ دەگرێت. لە خوارەوە ئاشنای بۆ ئەم جۆرە پاراستنانە (بەرگریانە) دەبیتەوە بە پێی جۆری ڤیزەکەوە.**

**ڤیزەی "ئەی-3" (A-3)، و "جی-5" (G-5)، و ڤیزەی "(بی-1)" (B-1) خزمەتکاری ناوماڵ**

- ئەگەر لەگەڵ دیپلۆماتکارێك (ڤیزەی A-3) یان بەرپرسێکی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی (ڤیزەی G-5) کار دەکەیت، یان ئەگەر خزمەتکاری ناماڵ بیت "بی-1" (B-1)، ئەوا پێویستە لەسەر خاوەنکارەکەت گرێبەستی کارکردن لەگەڵ تۆدا واژۆبکات کە مەرج و ڕێساکانی لەگەڵ یاساکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بگونجێت.
- پێویستە گرێبەستەکە ئەم برگانەی خوارەوە لە خۆبگرێت:
  - ڕەزامەندی خاوەنکارەکەت بۆ نەهێشتنی پاسپۆرتەکەت، گرێبەستی کارکردنت، یان هەر بابەتێکی تری کەسی لە لایەن ئەوەوە.
  - ڕەزامەندی خاوەنکارەکەت بۆ پابەندبوون بە هەموو یاساکانی ولایەتە یەکگرتووەکان.
  - بەڵگەیەك سەبارەت بەو برە پارەیەی کە لەب بەرامبەر کارەکەت پێدەدرێت، هەروەها شێواز و کاتی دانەوەیدا.
  - ئاماژەکردن بە ئەرکەکانت، کاتی دەوامی هەفتانە، پشووەکان، ڕۆژانی مۆڵەتی نەخۆشی و هەروەها ژمارەی ڕۆژەکانی مۆڵەتی ساڵانە.
- تکایە دڵنیابە لەوەی کە بە باشی لە مەرجەکانی گرێبەستی دامەزراندنەکەت تێدەگەیت، ئەگەر ناتوانیت لەو زمانە تێبگەیت کە لە نووسینی گرێبەستەکەدا بەکار هاتووە، باشترە وایە ڕاوێژ بە کەسێک بکەیت کە متمانەت پێیەتی، داوای لێبکە ئەم گرێبەستە لەگەڵت بخوێنێتەوە بە زمانێک کە تۆ بە باشی لێ تێدەگەیت. **وە هەرگیز نابێت واژۆ لەسەر شتێک بکەیت کە باش لێی تێنەگەیشتی!**
- کاتێک داواکاری ڤیزاکەت پێشکەش دەکەیت، ئەفسەرێکی کونسوڵخانەی ئەمریکا پێشوازیت لێ دەکات بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی کە مەرجەکانی گرێبەستی دامەزراندنەکەت لەگەڵ یاساکانی ولایەتە یەکگرتووەکان دەگونجێت. ئازادانە هەر پرسیارێکت هەیە لەم ئەفسەرەی کونسوڵخانەی ئەمریکا بکە. نابێت خاوەنکارەکەت ئامادەی چاوپێکەوتنەکەت بێت لەگەڵ ئەفسەری کونسوڵگەری.
- ئەگەر گرێبەستییکی کار واژۆ بکەیت کە پێچەوانەی مافەکانت بێت، یان ئەگەر خاوەنکارەکە مەرجەکانی گرێبەستەکە جێبەجێ نەکات، هەرکەسێک کار لەسەر ئەم هێڵە گەرمانە بکات کە لەم نامیلکەیەدا ئاماژەی پێکراوە دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ گەیشتن بە پارێزەرێک بتوانێت یارمەتیت بدات و مافەکانت بۆ ڕوون بکاتەوە لەم جۆرە بارودۆخانەدا.

**ڤیزەی "ئێچ-1بی" (H-1B)، و "ئێچ-1بی1" (H-1B1) بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە پیشە پسپۆریەکاندا:**

- ئەگەر سەردانی ولایەتە یەکگرتووەکان دەکەیت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پیشەیی یان بۆ کارکردن لە پیشەی مۆدێلی، بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەردانی www.Travel.State.gove بکە سەبارەت بە مافەکانت و ئەگەرەکانی گۆڕینەوەی خاوەنکار.

**ڤیزەی "ئێچ-2ئەی" (H-2A) کاتی بۆ کارمەندانی کشتوکاڵی:**

- ئەگەر تۆ کرێکارێکی کاتییت و لە بواری کشتوکاڵدا کار دەکەیت، پێویستە بەیاننامەیەکی نووسراوی مەرجەکانی کارەکەت وەربگریت لە ماوەیەك کە لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی کارەکەت تێپەڕنەکات، هەروەها ئەم بەڵگەنامەیە دەبێت ڕوونکردنەوەی وردی مافەکان، مووچە، شوێنی نیشتەجێبوون، ماوەی کارکردن و شێوازەکانی گواستنەوە لە خۆبگرێت کە لەلایەن خاوەنکارەکەتەوە دابین دەکرێن.

- مافی وەرگرتنی مووچەیەکت هەیە کە هاوتا بێت یان زیاتر لەو مووچەیەی کە حکومەت دیاریی کردووە، جا سیستەمی پێدانی مووچەکانت لەسەر بنەمای کاتژمێر بێت یان لەسەر سیستەمی پارچەیی.
- پێویست ناکات باجی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەمریکا یان هیچ رسوماتێکی تر بدەیت بە نووسینگەی هێنانەوەی هێزی کار لە وڵاتەکەت.
- خاوەنکارەکەت دەبێت شوێنی نیشتەجێبوونێکی پاک و سەلامەتت بۆ دابین بکات بەبێ بەرامبەر.
- پێویستە خاوەنکارەکەت قەرەبووی تێچووی گواستنەوەت بکاتەوە لە وڵاتەکەتەوە بۆ شوێنی کارەکەت، ئەم قەرەبووەش نادرێتەوە تا نیوەی ماوەی گرێبەستەکەت تەواو نەکەیت، هەروەها دەبێت خاوەنکارەکەت تێچووی گەشتی گەڕانەوەت لە ئەستۆ بگرێت بۆ وڵاتەکەت دوای تەواوبوونی ماوەی گرێبەستەکە.
- پێویستە لەسەرت 3/4ی ڕۆژانی کارکردن کاربکەیت مەگەر کرێکارێکی ئەمریکی لە شوێنی کارەکەت لە نیوەی یەکەمی ماوەی گرێبەستەکەدا جێگەی تۆ بگرێتەوە.

**ڤیزەی "ئێچ-2بی" (H-2B) بۆ (کرێکار – کارمەند)ی نا کوشتوکاڵی:**

- ئەگەر تۆ کرێکارێکی کاتی ناکشتوکاڵی بیت مافی ئەوەت هەیە پاداشتی کارەکەت وەربگریت کە یەکسانە بە یان زیاتر لە مووچەی باو کە لانیکەم کەمترین مووچەی یاساییە کە لەلایەن دەسەڵاتە فیدراڵی، هەرێمی (سەربە ولایەتەکان) یان ناوخۆییەکانەوە دانراوە، بەڵام دەشێت ئەم برانە زیاتربێت لە بڕی دیاریکراو. ئەم برانە کارپێکراو دەبن بێ گوێدانە بنەمای دانەوەی مووچەکەت کە ئایا لەسەر بنەمای کاتژمێرە یان پارچەیە.
- خاوەنکارەکەت دەبێت تێچووی گەشتی گەڕانەوەت بۆ وڵاتەکەت لە ئەستۆ بگرێت ئەگەر ماوەی دامەزراندنەکەت کۆتایی هات یان ئەگەر پێش کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکە لە کارەکەت دوورخرایتەوە بە هۆکاری بازرگانی کە پەیوەندی بە ئاستی ئەدای کارکردنەوە نییە لە شوێنی کاردا پێش تەواوبوونی ماوەی گرێبەستەکە.
- بەگشتی، تۆ مافی ئەوەت هەیە مەرج و بارودخۆی کارکردنت هەبێت کە بە ئاسایی دادەنرێت بە بەراورد بەو کرێکارە ئەمریکییانەی کە لە کارە هاوشێوەکان لە هەمان ناوچەدا کاردەکەن.
- وبەهیچ شێوەیەك مەرج نییە لەسەرت هیچ برە پارەیەك بدەیت بە نووسینگەی هێنانەوەی هێزی کار لە وڵاتەکەت.

**ڤیزەی "جەی-1" (J-) بۆ سەردانکەرانی بەشداربوو لە پرۆگرامی ئالوگۆرکردنەوە:**

- ئەگەر حکومەتی فیدراڵی سپۆنسەری بەرنامەی ئاڵوگۆڕکردن نەبێت بۆ سەردانەکەت، ئەوا دەبێت بەرنامەکە لانیکەم ٣ هەفتە بخایەنێت. فۆڕمی DS-2019 بەڵگەنامەی بنەڕەتییە کە پێویستە بۆ داواکردنی هەر ڤیزەیەکی "جەی" (J-Visa). ئەم فۆرمە جۆری بەرنامەی ئاڵوگۆڕکردن و بەروارەکانیشی بە هەمان شێوە ئاماژەی پێدەکات. مەرجەکانی بەرنامەی ئاڵوگۆڕی سەردانەکەت بەڵگەنامە و/یان گرێبەستەکانی تر دەگرێتەوە بەپێی جۆری بەرنامەی ئاڵوگۆڕکردن.
- ڕیکلامەکانی سپۆنسەرەکەت بۆ بەرنامەی ئاڵوگۆڕکردن دەبێت ورد بن، هەموو تێچوو و مەرج و سنووربەندیەاکنی بەرنامەی ئاڵوگۆڕکردنەکە پیشان بدات، هەروەها سپۆنسەری ئەم بەرنامەیە دەبێت ڕێنمایی و زانیاریت پێبدات لەسەر ئەمانەی خوارەوە:
  - بەرنامەکە لە ژێر پۆلی "جەی-1" (J-1) دایە، لەوانەش ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەو بەرنامە تایبەتەی کە تێیدا بەشداری دەکەیت و هەروەها یاساکانی بەرنامەکە.

- گەشت کردن و چوونە ناو ولایەتە یەکگرتووەکان.
- شوێنی نیشتەجێبوون.
- رسووماتەکان و تێچوونەکان لەوانەش تێچووی ژیان، چاودێری تەندروستی و تێچووی بیمە.
- ژیان و کلتور لە ولایەتە یەکگرتووەکان.
- سەرچاوە ناوخۆییەکان.
- ناونیشانی سپۆنسەرەکەت (دەستەبەرەکەت) و ناو و ژمارەی تەلەفۆنی بەرپرسەکەت لە ئەمریکا.
- زانیاری لەسەر چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە خزمەتگوزارییەکانی بەرنامەی ئاڵوگۆڕی سەردانیکەران سەربە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.
- هەروەها (بروشورێک) نامیلکەیەك لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە بەرنامەی ئاڵوگۆڕی سەردانکەران.

- ئەگەر هۆکاری هاتنەوەت بۆ ئەمریکا پەیوەندی بە پرۆگرامی سەفەر و کاری هاوینەوە هەیە، وپێشوەختە کارێکی دیاریکراوت نییە، ئەوا دەبێت سپۆنسەرەکەت پشتگیریت بکات لە دۆزینەوەی کارێك لە ئەگەری ئەوەی هێچ کارێکت بەدەست نەکەوت لە ماوەی هەفتەی یەکەمدا پاش گەیشتنت بۆ ولایەتە یەکگرتووەکان، و سپۆنسەرەکەش دەبێت گەرەنتی بدات لەوەی مووچە و یارمەتییەك وەردەگریت یەکسان بێت بە هاوتا ئەمریکیەکاندا.
- ئەگەر ڤیزەکەت لە جۆری "جەی-1" (J-1) بێت تایبەت بە پرۆگرامی ڕاهێنان و ڕاهێنانی ناوخۆ:
  - سپۆنسەرەکەت دەبێت چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، یان لە ڕێگەی وێبکامەوە.
  - سپۆنسەرەکەت دەبێت پلانی جێگیرکردنی ڕاهێنان/مەشقکردن (فۆرمی DS-7002) پێش پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکانی داواکاری ڤیزاکە دابرێژێت. ئەم فۆرمە بەیاننامەیەکی نووسراوی ئەو مووچەیەی کە وەریدەگریت و هەروەها کورتەیەک لە ئامانجەکانی ئەم ڕاهێنانە لە چوارچێوەی ئەم پرۆگرامەدا لەخۆدەگرێت.
  - سپۆنسەر دەبێت بەیاننامەیەکی نووسراوت بۆ دابین بکات لەسەر ئەو تێچوون و برە پارەیەی کە دەبێت بیدەیت، هەروەها دەبێت ژمارەیەکی خەملێنراو بۆ تێچووی ژیان لە ئەمریکا دابین بکات.
  - پێویستە ماوەی مەشقکردن/مەشقکردن ناوخۆ لانیکەم ٣٢ کاتژمێر بێت لە هەفتەیەکدا.
  - ئەگەر ڕاهێنان/ڕاهێنانی ناوخۆ لە بواری کشتوکاڵدا بێت، ئەوا پێویستە مەرجەکانی کارکردنت و مووچەی کارەکەت لەگەڵ مەرجە توندەکانی فیدراڵی بۆ کرێکارانی کشتوکاڵدا بگونجێت.
- سپۆنسەرەکەت دەبێت دڵنیابێت لەوەی کە تۆ بیمەی تەندروستیت دەتگرێتەوە، بەڵام مەرج نییە ئەم تایبەتمەندیەت بۆ دابین بکات، واتە پارەی بدات.
- ئەگەر کار لە ئەمریکا بکەیت، پێویستە داوای ژمارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی خۆت بکەیت، چونکە خاوەنکارەکەت دەبێت هەموو ئەو برە باجانەی کە بەم ژمارەیە دەبردرێت ڕابگەیێنێت.
- ئەگەر تۆ هاوسەرەکەت یان منداڵەکەت (مێردمنداڵ) بە ڤیزەی "جەی-2" (J-2) لەگەڵت گەشت بکەن، ئەوا بۆیان نییە داوای مۆڵەتی کارکردن بکەن تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە داهاتی ئەو کارە پێویست نەبێت بۆ شتگیریکردنت.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پۆلە (جۆرە) جیاوازەکانی ڤیزا و ڕێکارەکانی گەشت کردن بۆ ولایەتە یەکگرتووەکان. تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕەی خوارەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بکەن:

www.Travel.State.gov

## مافەکانت بێ گوێدانە باری ڤیزە

هەروەها چەندین مافی ترت هەیە، بەبێ گوێدانە باری ڤیزاکەت. لە ئەگەری پێشێلکردنی هەریەکێک لەم مافانە، دەتوانیت ئەو جۆرە پێشێلکاریانە بگەینیتە ئەو دەزگا حکومیانەی کە لە بواری جێبەجێکردنی یاسادا کاردەکەن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەتوانیت سکاڵا تۆماربکەیت بۆ وەرگرتنەوەی قەرەبووو لەو زیانانەی بەرتکەوتوون، بەبێ ئەوەی هیچ ترسێك لە لات دروست ببێت لە هیچ سزایەك.

1. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە هیچ ڕێکارێکی تۆڵەسەندنەوەت (دژایەتی) لە بەرامبەرت نەگیرێتەبەر:
   - قەدەغەیە لەسەر خاوەنکارەکەت هەولبدات سزات بدات، بە هەڕەشەکردن، بۆ نموونە، ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی کۆچبەری یان پۆلیس لەسەر داواکردنی مافەکانت! وە ئەگەر خاوەنکارەکەت لە هەر کاتێك لە کاتەکاندا هەڕەشەت لێبکات، تکایە دەستبەجێ داوای یارمەتی بکە، و لەبیرت نەچێت کە سەلامەتیت لە پێشینەدایە!
2. مافی وەرگرتنی پاداشتت هەیە لە بەرامبەر کارەکەت:
   - تۆ مافی ئەوەت هەیە مووچە (پاداشت) پێبدرێت، هەروەک کرێکارانی ئەمریکی، بۆ هەموو ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەیت.
   - مافی ئەوەت هەیە هەروەك کرێکارانی ئەمریکی کەمترین مووچەی یاسایی فیدراڵی کە ٦.٥٥ دۆلار/کاتژمێر و ٧.٢٥ دۆلار/کاتژمێرە لە ٢٤ی تەمموزی ٢٠٠٩ وەربگریت. تکایە دڵنیابە لەمانەی خوارەوە:
     - کەمترین مووچە لەو ویلایەتەی کە تێیدا کار دەکەیت. ئەگەر ئەو مووچەیە زیاتر بێت لە کەمترین مووچەی فیدراڵی، تۆ مافی وەرگرتنی برە زۆرەکەت هەیە.
     - ڕەنگە گرێبەستی کارەکەت وا بخوازێت لە خاوەنکارەکەت برە پارەیەکی زیاتر بدات.
   - زۆربەی کرێکاران لە ئەمریکا مافی ئەوەیان هەیە پاداشت وەربگرن لەبرامبەر کاتی کاری زیادە کە لە چل کاژێر لە هەفتەیەکدا تێپەڕ دەکات، و بەهای ئەو جۆرە مووچەیە بۆ هەر کاتژمێریک لەسەر کاژێرەکە دەکاتە یەک هێندە و نیوی مووچەی ئاسایی، ئەگەر کرێی ئاسایی تۆ بۆ نموونە 10 دۆلار بۆ هەر کاتژمێرێکی کارکردن، ڕەنگە خاوەنکارەکەت 15 دۆلارت پێبدات بۆ هەر کاتژمێرێکی زیادە کە لە سنووری 40 کاتژمێردا کار تێدەپەڕیت لە ماوەی هەفتەیەکدا.
   - ئەگەر خاوەنکارەکەت برە پارەیەکی دیاریکراو لە مووچەکەت ببڕێت، ئەمە پێی دەوترێت لێبڕین و ئەگەر هەر جۆرە لێبڕینێکی لەو جۆرە ببێتە هۆی دابەزینی ئاستی مووچەی یاسایی تۆ، ئەوە بە لێبڕینێکی نایاسایی دادەنرێت، کەوا بە شێوەیەکی گشتی بۆی نییە، بۆ نموونە هەر برە پارەیەک لە مووچەکەت بۆ نیشتەجێبوون ببڕێت (لە ژێر هەندێک پۆلی ڤیزەدا، دەبێت شوێنی نیشتەجێبوون بەبێ بەرامبەر دابین بکات)، و لێبڕینی لەو شێوەیە بۆ جلوبەرگی کار، پێداویستی سەلامەتی، یان کرێی دامەزراندن ڕێگەپێدراو نییە.

> **ئامۆژگاری!**
>
> لە یاد نەکەیت تۆمارێکی نووسراو لەسەر هەموو کاژێرەکانی کارکردن هەڵبگریت. وە ناملیکەیەک تەرخان بکە بۆ تۆمارکردنی هەموو ئەو ڕۆژ و کاتژمێرانەی کە کارت کردووە، پاشان ئەو برە پارانە تۆمار بکە لە بەرمابەر کارەکەت وەرتگرتووە، هەروەها ئەو بەروارانەی ئەو برە پارانەت وەرگرتووە، ئەمە جگە لە هەر برە پارەیەک کە لە مووچەکەت لێبردراوە، لەوانش، هۆکارەکانی لێبڕینەکە.

3. **مافی ئەوەت هەیە هیچ جیاکاریت لەگەڵدا نەکرێت:**
   - وەک فەرمانبەرێک مافی ئەوەت هەیە لە شوێنی کاردا هیچ جۆرە مامەڵەیەکی خراپ و جیاکاریدا لەگەڵتدا نەکرێت، بەهۆی ڕەگەز، ئایین، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی، ڕەنگی پێست یان کەمئەندامی.

- خاوەنکارەکەت دەبێت هەمان بڕە پارە بدات بە هەموو کرێکارێک بۆ هەمان کار و هەمان دەرفەت لە شوێنی کاردا دابین بکات بەبێ گوێدانە ڕەگەز، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی، ڕەنگی پێست، یان کەمئەندامی کرێکارەکە.
- خاوەنکارەکەت بۆی نییە داوات لێ بکات تەنها زمانی ئینگلیزی لە شوێنی کاردا بەکاربهێنیت مەگەر هۆکاری بازرگانی گرنگ هەبێت بۆ ئەو کارە.

**4. مافی ژنە (ئافرەتە) کرێکارەکان:**

**ئامۆژگاری!**
تۆمارێکی وردی هەموو تێبینییەکان و کارە ئاراستەکراوەکانی خاوەنکارەکەت کە نەشیاون هەڵبگرە، و ناو و ژمارەی تەلەفۆنی هەر شایەتحاڵێکی ئەو جۆرە ڕووداوانە بنووسە.

- خاوەنکارەکەت **بۆی نییە** جیاکاری بکات یان مامەڵەی خراپت لەگەڵدا بکات تەنها لەبەر ئەوەی تۆ ژنیت یان دووگیانیت، چونکە ئەو جۆرە ڕەفتارانە بە جیاکاری دادەنرێت لەسەر بنەمای جێندەری. خاوەنکار **بۆی نییە** هیچ کام لە ژنەکان یان پیاوەکان تووشی ئازاردانی سێکسی بکات. خاوەنکار هەرگیز نابێت هەڵبستێت بە ئەنجامدانی:
  - داواکردن بۆ ئەنجامدانی چالاکی سێکسی.
  - بەرکەوتن بەشێوەیەکی سێکسی.
  - سووکایەتیکردن یان ئاراستەکردنی ئاماژەی سێکسی بە قسەکردن یان هاوارکردن.

**5. تۆ مافی ئەوەت هەیە شوێنی کارێکی سەلامەتت هەبێت کە تەندروستی و سەلامەتیت بۆ دابین بکات:**

- هەموو فەرمانبەران مافی بارودۆخی کارکردنی ئارام و خاوێن هەیە.
  - **خانووبەرە**: ئەگەر خاوەنکارەکەت خانووبەرە دابین بکات، پێویستە پاک و سەلامەت و بیناسازییەکی تۆکمە بێت.
  - **ئاودەستەکان**: پێویستە پاک و خاوێن بن و بە ئاسانی دەستیان پێ بگات.
  - **ئاوی خواردنەوە**: ئەگەر لە کشتوکاڵدا کار دەکەیت، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مافی ئەوەت هەیە چێژ لە ئاوی پاک وەربگریت کە بۆت دابین کراوە بۆ خواردنەوە و دەستشۆردن.
  - **نەخۆشی یان پێکان لە شوێنی کار**: ئەگەر لە کاتی کارەکەتدا تووشی پێکان بوویت یان نەخۆش کەوتیت، بۆت هەیە داوای چارەسەری پزیشکی بکەیت، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا چارەسەری پزیشکی بێبەرامبەر وەردەگریت هەروەها قەرەبووی بەشێک لەو مووچەیەی لەدەستت داوە دەکرێیتەوە.
- ئەگەر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ماددەی قڕکەر یان ماددە کیمیاییە مەترسیدارەکان دەکەیت لە شوێنی کارەکەدا:
  - تۆ مافی ئەوەت هەیە دەستەکانت بە ئاوی پاک بشۆیت دوای مامەڵەکردن لەگەڵ ماددەی قڕکەر/ماددەی کیمیایی و مافی وەرگرتنی ڕاهێنانت هەیە لەسەر مامەڵەکردنێکی دروست لەگەڵ ماددەی قڕکەر لە ماوەی پێنج ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنەکەتدا.
  - پێویستە خاوەنکارەکەت ئاگادارت بکاتەوە لە کوێ و کەی ماددەی قڕکەر دەرشێنرێت بۆ ئەوەی بەرێکەوت بەرکەوتنی ئەم ماددانە نەبێت. نابێت کرێکاران یان کەسانی دیکە لەو ناوچەیەدا ئامادەبن کە ماددەی قڕکەری تێدا بڵاودەبێتەوە.

**ئاگاداری!**
خاوەنکارەکەت بۆی نییە ناچارت بکات کارێک بکەیت یان بچیتە شوێنێک، تەنانەت گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت، لە ڕێگەی ڕاگرتنی مووچەکەت.

- ئەگەر سروشتی کارەکەت بریتی بێت لە ئامادەکردن یان بڵاوکردنەوەی ماددەی قڕکەر، و ئەگەر ئەم ماددە قڕکەرانە پێویستیان بە بەکارهێنانی ئامێری پاراستن هەیە (وەک جلوبەرگێك تەواوی جەستە بپۆشێت)، یان دەمامک، یان ئامێری هەناسەدان)، پێویستە خاوەنکارەکەت ئامێری پاک و خاوێنت بۆ دابین بکات کە لە دۆخێکی باشدا بێت.

- باری نائاسایی پزیشکی (فریاگوزاری): لە حاڵەتی فریاگوزاریدا، تکایە پەیوەندی بکەن بە ژمارە ٩١١ و داوای ئەمبولانس بکەن.
  - ڕەنگە ئەو چارەسەرەی لە ئەنجامی باری نائاساییدا وەرتگرتووە بێ بەرامبەربێت، بۆیە پێویستە بە زووترین کات خاوەنکارەکەت ئاگادار بکەیتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەڵگەنامەی پێویست لەم چوارچێوەیەدا دابین بکات.
  - وە لەبیرت نەچێت، لە کاتی سەردانی کردنی پزیشکێك یان نۆرینگەیەك، داوای وێنەیەك لە بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە برینداربوون یان نەخۆشیەکەت بکەیت.

**6. مافی بەئەندامبوونت لە سەندیکاکان و بەشداریکردن لە گفتوگۆی بەکۆمەڵدا هەیە:**

- هەموو ئەو کارمەندانەی لە ئەمریکا کاردەکەن مافی ئەوەیان هەیە سەندیکا دابمەزرێنن و داوای بەئەندامبوون لێیان بکەن، بەبێ گوێدانە دۆخی کۆچبەرییان بەپێی یاسای فیدراڵی. خاوەنکارەکەت بۆی نییە هیچ ڕێوشوێنێک لە دژی تۆ بگرێتەبەر ئەگەر بە هەڵبژاردنی خۆت هەڵبستێت بە ئەنجامدانی ئەم چالاکیانەی سەرەوە. ئەمەش واتە دەتوانیت ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدەیت:
  - یەکگرتنەوە لەگەڵ کارمەندانی دیکە بە مەبەستی باشترکردنی مووچە و بارودۆخی کارکردن.
  - گوێگرتن لە وتارە گشتییەکان و ئامادەبوون لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانە گشتییەکان.
  - بە ئەندام بوون لە سەندیکایەکی کرێکاری یان هەر ڕێکخراوێکی تری کرێکاری.

**7. مافی خۆتە زۆرترین پلەی پاراستنت هەبێت بەپێی یاسای ولایەت:**

- تکایە پەیوەندی بەو ژمارە هێڵە گەرمانە بکەن کە لەم نامیلکەیەدا هاتووە بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە دەتوانن ئاگادارتان بکەنەوە لە مافەکانتان کە لەو ویلایەتەدا کارێپکراون کە تێیدا کار دەکەن.

**8. تۆ مافی ئەوەت هەیە کارێک بەجێبهێڵیت کە ڕووبەڕووی ڕێوشوێنی تەعەسوفی دەبیتەوە:**

- پێویست ناکات لە هەمان کاردا بمێنیتەوە ئەگەر خاوەنکارەکەت مامەڵەی خراپت لەگەڵ بکات.
- لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەو کارە بەجێبهێڵیت کە بەهۆیەوە ڤیزەت بۆ دابینکراوە بۆ کارکردن و چوونە ژوورەوە لە ولایەتە یەکگرتووەکان، ئەوا ئەو ڤیزەیە بەسەردەچێت، بەڵام ڕەنگە هێشتا بتوانیت جۆری ڤیزاکە بگۆڕیت یان خۆت بگوازیتەوە بۆ خاوەنکارێکی دیکە، بەپێی جۆری ئەو ڤیزەیەی لەبەردەستتدایە.
- هەروەها دەتوانیت لە ماوەی کارکردنتدا سکاڵای فەرمی یان سکاڵای یاسایی لەسەر خاوەنکارەکەت تۆمار بکەیت. خاوەنکارەکەت بەپێی یاسا ڕووبەڕووی سزای توند دەبێتەوە ئەگەر هەوڵی سزادانی کارمەندەکانی بدات بەهۆی بەدواداچوونی مافەکانیان.
- ئەگەر تووشی هەر کێشەیەک بوویت لەگەڵ خاوەنکارەکەی ئێستات، تکایە پەیوەندی بەو هێڵە گەرمانە بکە کە لەم نامیلکەیەدا باسکراون، و ئەوانەی بەرپرسی ئەم هێڵانەن دەتوانن هاوکاریت بکەن بۆ ئەوەی پەیوەندییەکە بە ڕێکخراوێکی ناوخۆییەوە ببەستنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بژاردانەی کە لەبەردەستتدان لەم چوارچێوەیەدا.

**ئامۆژگاری!**

لە ئەمریکا تۆ خاوەنی مافەکانی خۆتی، کە کەس ناتوانێت لێت بسەنێتەوە، بەشێوەیەك لە ئەمریکا سەدان ڕێکخراو بوونیان هەیە دەتوانن هاوکاری پێشکەش بکەن لە پێناو پاراستنی مافەکانتان!

## بازرگانی کردن بە مرۆڤ

### 1. بازرگانی کردن بە مرۆڤ چییە؟

بازرگانیکردن بە مرۆڤە یەکێکە لە قێزەونترین جۆرەکانی مامەڵەی خراپ کە تاکێک لە ئەمریکا لە شوێنی کاردا بەرکەوتەی دەبێت، بازرگانیکردن بە مرۆڤە ڕوودەدات هەرکاتێک کەسێک (پیاو یان ژن) بهێنرێتە ژوورەوە، بگوازرێتەوە، یان دەستبەسەربکرێت بەپێچەوانەی ویستی خۆی ئامانجی سوودلێی وەرگرتن. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە (لە ژێر ناونیشان یاسادانان "Legislation" - یاسای پاراستنی قوربانیانی بازرگانیکردن " Trafficking Victims Protection Act") بۆ پێناسەیەکی گشتگیر بۆ بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند نیشانەیەکی ئاگادارکردنەوە دەکەین کە ڕەنگە ئاماژە بن بۆ حاڵەتێکی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، لە خوارەوە ئاماژە بە چەند نیشانەیەکی ئاگادارکردنەوە دەکەین کە ڕەنگە ئاماژە بن بۆ حاڵەتێکی بازرگانیکردن بە مرۆڤ:

**هەڕەشەکردن و ترساندنی فەرمانبەران:**

دەبێتە هۆی زیادبوونی هەستی ترس و دڵەڕاوکێ لای ئێوە و کارمەندانی دیکە بەجۆرێک کە هیچ کام لە ئێوە ناوێرن هەوڵی جێهێشتنی کار بدەن، بۆیە، بۆ نموونە ئەم ڕێگایانە بەکاردەهێنن:

- لێدان، دەستدرێژی جەستەیی یان سێکسی.
- هەڕەشەکردن بە لێدان یان دەستدرێژی جەستەیی یان سێکسی.
- دەستبەسەرکردنی کارمەند یان سنووردارکردنی ئازادیەکەی.
- هەڕەشەکردن بە زیانگەیاندن بە کارمەندەکە یان خێزانەکەی ئەگەر کارمەندەکە هەوڵی جێهێشتنی کارەکە بدات یان سکاڵا لەسەر سووکایەتیکردن تۆمار بکات، ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکات لەسەر بارودۆخەکەی یان داوای یارمەتی بکات.
- هەڕەشەی دیپۆرتکردنەوە، گرتن، یان ڕادەستکردنی بۆ پۆلیس بەهۆی هەوڵی کارمەندە بۆ جێهێشتنی کار، یان تۆمارکردنی سکاڵا، یان ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار، یان داواکردنی هاوکاری سەبارەت بە دۆخی ئەو کارمەندە.
- خاوەنکار و یەکێک لەو کەسانەی لەگەڵیدا کاردەکەن زیان بە کارمەندانی دیکە دەگەیەنن یان هەڕەشەیان لێدەکەن کە هەوڵی جێهێشتنی کارەکە دەدەن، یان سکاڵا لەسەر خاوەنکارەکە تۆمار دەکەن، ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار دەکەن، یان داوای یارمەتی دەکەن، یان خاوەنکار یان یەکێک لەو کەسانەی لەگەڵیدا کاردەکەن هەڕەشە دەکات کە هەر کارمەندێك هەوڵی هەڵهاتن بدات دەگیرێت و دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی کار.

**ڕێنمایی و سنووربەندی:**

خاوەنکارەکان یان یاریدەدەرەکانیان ڕەنگە ڕێنمایی یان سنووربەندی دابنێن بۆ سنووردارکردنی ئازادیت یان ئازادی کارمەندانی دیکە بۆ ئەوەی ڕێگەت لێ بگرن کارەکەت بەجێبهێڵیت، سکاڵا لەسەر سووکایەتیکردن تۆمار بکەیت، یان داوای یارمەتی بکەیت.

- دانانی ڕێنمایی کە ڕێگری دەکات لە جێهێشتنی کارمەندان شوێنی کارەکانیان یان دەرکردنی ڕێنمایی توند کە ئەو شوێنە دیاری دەکات کەوا کارمەندان بۆیان هەیە سەردانیان بکەن لەکاتی پشوودا.
- دانانی ڕێنماییەکان کە ڕێگریت لێدەکات لە هەڵگرتنی پاسپۆرت، ڤیزا، بڕوانامەی لەدایکبوون یان بەڵگەنامەکانی تری ناسنامە.
- بێبەشکردن لە خۆراک، خەوتن، یان چاودێری پزیشکی پێویست.
- ڕێگریکردن لە ئازادیانە پەیوەندیکردن بە ئەندامانی خێزانەکەت، کارمەندانی دیکە، یان کەسانی دیکە لە دەرەوەی شوێنی کار، یان سنووردارکردنی ئازادیت بۆ ئەو کارە.

**ئامۆژگاری!**

پێش گەشت کردن بۆ ولایەتە یەکگرتووەکان،
پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کرێکارە کۆچکردووەکان یان کرێکارە کۆچکردووەکان بکەیت بۆ دەست گەیشت بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی تاکەکان و ڕێکخراوەکان بۆ پەیوەندی کردن بە هەر یەکێك لەوان لە کاتی هەبوونی هەر پرسیارێك یان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەیەك لە کاتی مانەوەت لە ولایەتە یەکگرتووەکان.

**هەڵخەڵەتاندن (فریودان) و درۆکردن**

ڕەنگە خاوەنکارەکان یان هاوکارەکانیان پەنا بۆ هەڵخەڵەتاندن (فریودان) یان درۆکردن ببەن.
بۆ نموونە، ڕەنگە ئەم شێوازانەی خوارەوە بەکاربهێنن:

- بەڵێنی درۆ سەبارەت بە بارودۆخی کارکردن، بارودۆخی ژیان، یان مووچە.
- ئاگادارت بکەنەوە کە هیچ مافێکت نییە.
- ئاگادارکردنەوەت کە کەس باوەڕت پێناکات ئەگەر هەوڵبدەیت داوای یارمەتی بکەیت.
- ڕێنماییکردنت بۆ ئەوەی زانیاری هەڵە بدەیت سەبارەت بە ناسنامەی ڕاستەقینەی خاوەنکارەکان.

**2. ئەگەر خۆم لەم جۆرە بارودۆخانەدا بینیەوە چی بکەم؟**

- ئەگەر تووشی هەریەکێک لەم بارودۆخانەی سەرەوە بوویت یان خۆت لە دۆخێکی مەترسیداردا بینیەوە، پێویستە دەستبەجێ داوای یارمەتی بکەیت بە پەیوەندیکردن بە ژمارە ٩١١ یان ناوەندی نیشتمانی بۆ سەرچاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ (1-888-373-7888) یان بە هێلی سکاڵا تایبەت بە بازرگانی بە مرۆڤ و سوود وەرگرتن لە کرێکاران (1-888-428-7581)، بەرپرسانی ئەم هێلانە دەتوانن پشتگیریت بکەن لە پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێکخراوێکی ناوخۆیی کە هاوکاری قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دەکات لەو ناوچەیەی تێدا کاردەکەیت.
- ئەگەر ڕووبەڕووی مەترسی جەستەیی بوویت، پەیوەندی بکە بە ژمارە ٩١١ بۆ پەیوەندیکردن بە پۆلیسەوە، و پێویستە ئەم نامیلکەیە بهێنیتە بەردەم ئەفسەرانی پۆلیس و ئاگاداریان بکەیتەوە لەسەر ئەو سووکایەتییە ڕووبەڕووی بوویتەوە.

**3. ئایا دیپۆرت دەکرێم ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکەوە لەسەر سووکایەتی پێ کردنم؟**

پرۆگرامێك هەیە بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی کە ڕاپۆرتی سووکایەتی کردن دەدەن، و نابێت بترسیت لە داوا کردنی یارمەتی تەنانەت ئەگەر نیگەرانی دۆخی کۆچبەریت بیت، پێویستە ڕاوێژ بە پارێزەری کۆچبەری بکەیت کە بۆ خاوەنکارەکەت کار ناکات. پەیوەندی بە هێڵی گەرمەوە بکە و داوای یارمەتی بکە لە دۆزینەوەی پارێزەرێک کە دەتوانیت ڕاوێژکاری بکەیت لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە.

- ئەگەر تۆ باوەڕت وایە کە خۆت بە قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤە دەبینیت یان قوربانی تاوانێکی تری قورس، لەوانەش، دەستدرێژی سێکسی، ڕەنگە مافی ڤیزەی ناکۆچبەری دیکەت هەبێت وەک ڤیزەی "T". ڤیزەی تی (بۆ قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە)، یان ڤیزەی U ڤیزەی یو (بۆ قوربانیانی تاوانی تر). ئەم ڤیزانە بۆ دابینکردنی پارێزگاری بۆ گروپێکی دیاریکراو لە قوربانیانی تاوان کە نیگەرانن لە دۆخی کۆچبەری خۆیان. بەو پێیەی زۆر کەس ئاگاداری بوونی ئەم ڤیزانە نین، ڕەنگە پێویست بێت کە تۆ بوونی ئەم ڤیزە تایبەتانە بخەیتە بەردەم ئەو کەسانەی کە بەردەوام دەبن لە هاوکاریکردنت.

**4. چ خزمەتگوزارییەک بۆ قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بەردەستە؟**

- ئەگەر تۆ قوربانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بیت لە ئەمریکا، لەوانەیە تۆ شایستەی یارمەتییەکانی کۆچبەری، خزمەتگوزارییەکان و ڕێوشوێنەکان بیت بۆ چارەسەرکردنی دۆخی کۆچبەریت بەپێی بەرنامەکانی حکومەتی فیدراڵی یان ویلایەتەکان.
- زۆرێک لە ڕێکخراوەکان دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ دەستگەیشتن بەم خزمەتگوزاریانەدا، کە بریتین لە چاودێری تەندروستی و دەروونی، نیشتەجێبوون، چارەسەری ددان، بەرگری یاسایی بۆ کێشەکانی کۆچبەری و پێداویستییە یاساییەکانی تر، هەروەها ئەم خزمەتگوزاریانە یارمەتی دۆزینەوەی کار و یارمەتییە گشتییەکان لەخۆدەگرن.

## پێویستە ئاشنای مافەکانت بیت

**ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی هەبوو، پەیوەندی بە یەکێك لە هێلە گەرمەکانی ئەم نامیلکەیە بکە.**

ئەم نامیلکەیە وەردەگریت لەبەرئەوەی بەڕێزت داواکاری پێشکەش کردووە بۆ بەدەست هێنانی ڤیزای ناکۆچبەری بۆ کارکردن یان خوێندن بە شێوەیەکی کاتی لە ولایەتە یەکگرتووەکان. ئامانج لەم نامیلکەیە بریتییە لەوەی وێنەیەکی ڕوونت پێ ببەخشێت بۆ تێگەیشتن لە مافەکانت بۆ کاتی گەیشتن بە ویلایەتە یەکگرتووەکان، چونکە لە شوێنی کارەکەت تۆ دەبیە خاوەنی زۆرێك لە مافە سەرەتاییەکان هەروەك هاوڵاتیانی ئەمریکا و نیشتەجێبووانی هەمیشەیی بەشێوەیەکی هاوتا، ئەمە سەرباری ئەوەی ماوەی نیشتەجێبوونەکەت کاتیە لە ولایەتە یەکگرتووەکان. وە ئەم نامیلکەیە وێنەیەکی گشتگیرت پێ دەبەخشێت دەربارەی مافە سەرەتاییەکانت لە شوێنی کاردا، کەوا تێگەیشتنت لەم مافانە یارمەتیت دەدات بۆ بەرگری کردن لە خۆت لە دژی هەڵسوکەوتە خراپەکانی بەرامبەرت، بۆیە داواکارین، پارێزگاری لەم نامیلەکەیە بکەیت لە ماوەی نیشتەجێبوونت لە ولایەتە یەکگرتووەکان نەوەك پێویستیت بە پەیوەندی کردن هەبێت بە کەسێك بۆ بەدەست هێنانی یارمەتی.

بۆیە، ئەم نامیلەیە ئامادەکراوە بۆ یارمەتیدانت تاوەکو بەرگری لەخۆت بکەیت لە دژی هەر هەڵسوکەوتێکی خراپ، وە لە خراپترین بارودۆخدا "بازرگانی کردن بە مرۆڤ". چونکە بازرگانیکردن بە مرۆڤ جۆرێکە لە کۆیلایەتی هاوچەرخ، چونکە خاوەنکار یان هەر کەسێکی دیکە هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی شێوازەکانی خراپ مامەڵەکردنی جەستەیی (گێجەڵی) یان دەرونی بۆ دروست کردنی هەستی نا ئازادی لە کەسی ئامانج و رزگاربوون لە بارودوخی هەنووکەیی. **لەسەرتە ئاگاداربیت لەوەی دانپێدانان بە خراپ هەڵسوکەوت کردن لە بەرمابەرت لە شوێنی کاردا برتییە لە یەکەم هەنگاو بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی.**

ئەگەر لە کاتی گەیشتنت بە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی کێشە بوویتەوە لە شوێنی کاردا، پێویستە ڕاستەوخۆ داوای یارمەتی بکەیت، وە ئەگەر خاوەن کار ووتی تۆ هیچ مافێکی یاساییت نییە لە ولایەتە یەکگرتووەکان ئەوا بڕوای پێ مەکە و هیچ ڕاوێژێکی یاسایی لێ قبول مەکە یان هیچ ڕاوێژێکی یاسایی قبول مەکە لە لایەن ئەو لایەنەی گرێبەستت لەگەڵ ئەنجامداوە، هیچ ڕاوێژێکی یاسایی نابێت قبول بکەیت تەنها لەو پارێزەرە نەبێت کە نوێنەرایەتیت دەکات، و ئەگەر هەستت کرد مافەکانت پێشێل دەکرێن پێویستە پەیوەندی بە هێلە گەرمەکانی ئەم نامیلکەیە بکەیت چونکە ئەمە یارمەتیت دەدات لە دەست گەیشتن بە ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بۆ پێشکەش کردنی هاوکاری پێویست. **وترست لا دروست نەبێت لە پەیوەندی کردن بەم ڕێکخراوانە، چونکە ئەم ڕێکخراوانە بۆ یامەتیدانت بوونیان هەیە.**

ئەم نامیلکەیە جێگرەوەی ڕاوێژیکاری یاسایی نییە، چونکە ئەو ڤیزانە بۆ کار و خوێندنەوە دەدرێن جۆراوجۆرن، وپێویستە ترست لا دروست نەبێت لە داواکاردنی زانیاری زیاتر دەربارەی ڤیزەکەت.

**ئەگەر مافەکانت پێشێل بکرێن، تکایە پەیوەندی بەم ژمارە خۆراییانە بکە**

ناوەندی نیشتمانی بۆ سەرچاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ

1-888-373-7888

(24 کاژێر)

هێلی سکاڵای تایبەت بە ستافی کاری پەیوەندیدار بە بازرگانی بە مرۆڤ و سوود وەرگرتن لە کرێکاران

1-888-428-7581

(لە ڕۆژانی دووشەممە تاوەکو هەینی، لە کاژێر 9ی بەیانی تاوەکو 5ی ئێوارە بە کاتی ڕۆژهەڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکان)